بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی روخسارێکی هێسواوی تری لێدەست دا!

بەیانەی مەرگی هاوڕێ فاروقی ئەلبیسەوە

ئەمڕۆ ١٣ی نیسان هەواڵی مەرگی لێناکاوی هاوڕێ " فاروق عبدالرحمن حمەئەمین" ناسراو بە "فاروقی ئەلبیس" دڵی هەموو هاوڕێیان و دۆستانی و کۆسوکاری ڕاچەکاند و بەنیگەرانیەکی زۆرەوە سەری هێزیان لەئاست گیان و رابردووی خەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام و لێبڕاوانەی ئەودا دانەواند.
هاوڕێ فاروقی ئەلبیس، بەدرێژایی چەن دەیە یەکێک بووە لە هێسوڕاوە ناسراو و بەرجەستەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەکوردستان. سەرەتاکانی خەباتی ئەو بەڕاوەستانەوە بەدژی دەسەڵاتی بەعسی سەرمایە دەستی پێکردو پاشان لەسەردەمی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا یەکێک بووە لە هێسوڕاوە چالاکەکانی بزوتنەوەی شورایی و وەک کەسایەتیەکی کۆمۆنیستی دیاری هەبووە لە دامەزراندنی شواری کرێکارانی کارگەی ئەلبیس و بە پەروا بە یەکگرتووکردنی کرێکاران لەهەوڵدابووە.
ڕاوەستانەوەی ئەو بەووی سیاسەت و مامەڵەی سەرکوتگەرانەی حزبی بژوازیکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و داکۆکی کردنی لەخواستی کرێکارانی کارگەی ئەلبیسە، خەسڵەتێکی ناسراوە لەلای نەوەیەک لەکرێکاران و هەسوڕاوانی ئەوسەردەمە.
هاوڕێ فاروق لەگەڵ پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا ئەو یەکێک بووە لەکادیرە بەرجەستەکانی حزب و تادوا تەمەنی جەسورانە لەپێناو ئامانجەکانیدا تێکۆشاوە.
هاوڕێی فاروق سەرەڕای دەرگیربوون لەگەڵ نەخشیدا، بەڵام بەهۆی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامیەوە وەک کەسایەتیەکی ناسراو و خۆشەویستی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لەئاستی کۆمەڵگادا خۆشەویست و ناسراوە. ئەو وەک درەختەکان لەیزی خەبات بۆ ژگاری چینی کرێکار و بەدیهێنانی دنیایەکی ئازادو یەکساندا، بەپێوە ڕاوەستاو دڵی گەورەی لەلێدان کەوت.مەرگی ئەو هەرگیز ناتوانێت بوخساری تێکۆشەرانەی کۆمۆنیستی و کرێکاری، لەبیرو هۆشی هاوڕێبازانیدا بسڕیتەوە.

بەم بۆنەیەوە ئێمە لێرەکخراوی دێرەوێی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سڕخۆشی خۆمان لەهۆموو کرێکاران و کۆمۆنیستێکان و کۆسوکارو ئازیزان و ئۆندامانی حزب دەکەین. مەرگی ئەو خەسارەتێکە کە پۆناوبۆتەوە، بەڵام باوەڕو ئامانجە کۆمۆنیستی و کرێکاریەکانی ئەو بەدۆنیایەوە هەر درێژەی دەبێت.

بەرزو بەڕێزبێت یادی هاوڕێ فاروق و هەموو گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم!
ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
ڕێکخراوی دێرەوە
١٣ی نیسان ٢٠١٨